# بۆچی دنیای عەرەبی ئازاد نییە؟

## گفتوگۆ لەگەڵ د. مستەفا سەفوان



سازدانی: جیرار خوری

لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

**بەرایی:**

دکتۆر مستەفا سەفوان (1921 - )، لە ئێستادا تەمەنی بەرەو سەدەیەک هەڵدەکشێت. ئەو یەکێکە لە زاناکانی بواری دەروونناسی و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری قوتابخانەی فرۆیدیزمی پاریس بووە، بۆ ماوەی سێ دانە ساڵیش، خوێندکار و هاوڕێی نزیکی ژاک لاکان بووە.

دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە پاریس دەگەڕێتەوە بۆ میسر، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری وڵاتەکەیەوە (لە ڕووی سیاسییەوە)، لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بە یەکجاری وڵات جێ دێڵێت و لەو ساتەوە تا ئێستاش، لە پاریس دەژی. خاوەنی چەندین بەرهەمی زانستی و تیۆریی گرنگە (چ وەک نووسین و چ وەک وەرگێڕان).

**بەرهەمە چاپکراوەکانی (وەك نووسین):**

-لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئۆدیب

-لێکچەرەکانی ژاک لاکان

- بوونیادگەری لە دەروونشیکارییدا

- ئاخاوتن و مەرگ

- سێکسوالێتیی فێمێنیزم

- دەربارەی وەرگۆڕان

- دەربارەی فێربوونی دەروونشیکاری

- بۆچی جیهانی عەرەبی ئازاد نییە؟

- ئیشکالیاتی کۆمەڵگەی عەرەبی (خوێندنەوەیەک لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە)، بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر عەدنان حوبولڵادا، کە بیرمەند و شاعیری گەورە ئەدۆنیس پێشەکیی بۆ نووسیوە.

-شکستی پرەنسیپی چێژ

**ئەو بەرهەمانەی لە زمانی فەرەنسییەوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی:**

- ئۆتێلۆ، شکسپیر

-خۆبەکۆیلەکردن، ئیتیان دی لابوسێ

-لێکدانەوەی خەونەکان، سیگمۆند فرۆید

- فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح؛ هیگڵ

لەم گفتوگۆیەیدا لەگەڵ جیرار خوری، بە دووردرێژی باس لە ژیانی خۆی و واقعی داوەشاوی کۆمەڵگەی میسری و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکات.

*****

***شتێکی قەشەنگ دەبێت گەر بە باس و خواسی منداڵیت لە میسر دەستپێبکەین؟**

-سەبارەت بە منداڵیم شتێکی وەها نییە باسی بکەم، جگە لە زیندانیکردنی باوکم نەبێت بە هۆی کۆمۆنیستبوونیەوە. ئەوە لە ساڵی 1924دا بوو. ئەوکات من تەمەنم سێ ساڵان بوو. پێموابێت بە سێ ساڵ زیندانی حوکم درا. وەلێ لەبەرئەوەی زیندانی سیاسی بوو، هەروەها هەڵسوکەوتی باش بوو، لەبریی 36 مانگ تەنها 27 مانگ مایەوە و ئازادکرا. لەو ماوەیەدا خاڵم و داپیرەم سەرپەرشتیان دەکردم و ئاگایان لێم بوو.

***خێزانێکی قەڵەباڵغ بوون؟**

-نا، تەنها دوو منداڵ بووین، وەلێ بەو پێیەی هێشتا خوشکم لەدایکنەبووبوو، من تاقانە منداڵی ماڵەکە بووم.

***دایکت چی دەکرد. کارێکی دیاریکراوی هەبوو؟**

-لە دەرەوەی ماڵ هیچ کارێکی نەبوو! بە شێوەیەکی تەقلیدیانە گەورەبووبوو. واتە وەك هەر کچێکی دیکە هەر لە منداڵییەوە، فێری ماڵداری بووبوو، بۆ ئەوەی ببێتە کەیبانوویەکی باش.

*** واتە نموونەی ژنێکی تەقلیدیی ناو کۆمەڵگەی میسری و عەرەبی بوو. ژنێك کە لەسەر ماڵداری و ئیش و کاری ڕۆژانەی ماڵ پەروەردە کرابوو؟**

-بەڵێ، بەو جۆرە بوو.

***ئاخۆ بالآپۆش بوو یان نا؟**

-نەخێر بالآپۆش نەبوو. پێویستە بزانین ئەوکاتە بزووتنەوەی ژنان بەهێز بوو. شتێك کە زۆر کاریگەریی هەبوو لەسەرم، ئەو فەزایە بوو کە دەوری باوکمی دابوو، ئەوانە خەڵکانێك بوون لە کەسانی خوێندەوار و مامۆستایانێکی ڕۆشنبیر.

***باوکت مامۆستا بوو. لە ئەسکەندەریە وانەی دەگوتەوە؟**

-بەڵێ وابوو. ئەو کاتەی لە ئەورووپا شەڕ بوو، ئێمە لە ئەسکەندەریە بووین.

***هەر سەبارەت بە باوكت، ئایا كاریگەر بوو بە بزاوتە چاكسازییەكەی محەمەد عەبدە كە لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەستی دابوویە؟**

-بەڵێ، بێگومان. جگە لەوەش ئەو قۆناغە قۆناغێكی گەڕانەوە بوو بۆ لای خود. واتە قۆناغێكی پرسیاركردن بوو لەوەی (ئێمە كێین و دەمانەوێت لەم دنیایەدا لە كوێدا بین؟). دنیایەك كە لەو كاتەدا پەی پێ برابوو. ئەو كات محەمەد عەبدە و نوێكردنەوەی هزری ئیسلامی هەبوو. بزاوتی ئازادیی ژنان لە گۆڕێدا بوو.

***لەگەڵ هودا شەعراوی؟**

-بەڵێ، لەگەڵ ئەودا. كەشوهەوایەك هەبوو، هاندەر بوو بۆ كردنەوەی ڕێگای نوێ. من لەو فەزایەدا گەورە بووم. پاشان شۆڕشی ئۆكتۆبەر و كەمالیزمیش هەر لەو ماوەیەدا ڕوویاندا. من لەو قۆناغەی ژیانمدا دركم بەوە كرد، باوكم لەژێر كاریگەریی ئەنگێزە پەرگیرەكانی ڕەوتی چەپدایە كە لە كۆمۆنیزمەوە نزیك بوون.

***هەر لەو ماوەیەشدا (دوای یەكەم جەنگی جیهانی)، ئینگلیزەكان ناچار بوون هەندێ سازش بكەن، تا مانەوەی خۆیان لەناو میسردا مسۆگەر بكەن؟**



*Jacques Lacan*

-بەڵێ، وابوو. لەبریی ئینتیداب، هەستان سیستمی حوكمڕانیان لە میسردا كرد بە پاشایەتی. بەو پێیەی پادشا شەرعیەتی خۆی لە بەریتانییەكانەوە بەدەست دێنێت (ئەوەش جێی مشتومڕ و بێنەوبەردە بوو)، دەیویست ببێتە خەلیفەی موسڵمانانیش، بۆ ئەوەی شەرعیەتەكەی تۆكمەتر و قایمتر بێت. بۆ ئەوە داوایكرد ڕەچەڵەكی ببەنەوە سەر پێغەمبەر، تا بیسەلمێنێ سەر بە ئالول بەیتە! بێگومان لەو فەزایەدا زانایانی ئەزهەر ئامادەیی ئەوەیان تێدابوو، تا داواكارییەكانی پادشا جێبەجێ بكەن.

هەر لەو سەردەمەدا بوو (عەلی عەبدولڕەزاق)، كتێبە قەشەنگەكەی لە بارەی (ئیسلام و بنەماكانی حوكمڕانی) یەوە نووسی و تێیدا باسی لەوە كردبوو كە بەپێی ئەوەی لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە، شتێك نییە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی بێت.

هاوكات ئەو قۆناغە، قۆناغی بوێریی نواندنی گەورە بوو. ئاخر هەر لەو كاتانەدا بوو كە تەها حوسێن كتێبەكەی (لە بارەی شیعری جاهلی)یەوە بڵاوكردەوە.

***زانایانی ئەزهەر پێیان وابوو ئەو كتێبەی تەها حوسێن، بە گژ سیمبول و پیرۆزییە ئاینیەكاندا دەچێتەوە؟**

-بێگومـان. عەبدوڵـڵا عەنـان کـە ئەویـش مێژوونووسـێکی ئاسـتبەرز بـوو، لای خۆیـەوە کتێبێکـی دەربـارەی (قـەزا) لـە جیهانـی عەرەبیـدا نووسـی و گەیشـتە ئـەوەی بڵێیـت: (لـە جیهانـی عەرەبیـدا هیـچ جـۆرە جیاکردنەوەیەکـی دەسـەڵاتەکان لـە یەکتری ڕووی نـەداوە و هەرچـی هەیـە و نییـە، لەژێـر پێڵاوەکانـی سـوڵتاندایە).

***واتـە تـۆ لـە سـایەی دەسـەڵاتی تاکەکەسـییدا ژیاویـت، بـەر لـەوەی بکەویتـە ئەناتۆمیکردنـی ئـەو فۆرمـە لـە دەسـەڵات لەمـڕۆدا، ئەوەشـت لـە دوا بەرهەمتـدا ئەنجامـداوە (بۆچـی جیهانـی عەرەبـی ئـازاد نییـە؟). کـەم تـا زۆر لـە فەزایەکـی سیاسـیدا گـەورە بوویـت، چوونکـە تەنانـەت دوای دەرچوونـی باوکیشـت لـە زینـدان، هـەر خەریکـی جموجـۆڵ و چالاکینوانـدن بـووە، ڕەنگـە لـە کایـە و بـواری دیکـەدا؟**

-بەڵـێ وایـە. بزاوتـی کۆمۆنیسـتی گەشـەی زیاتـری کـرد و باوکیشـم هـەر پەیوەندیـی پێیانـەوە مابـوو. پاشـان بـە تایبەتـی و خۆبەخـۆ، قوڵـی لێهەڵمالـی بـۆ بەگژاچوونـەوەی نەخوێنـدەواری.

***دوای دەرچوونـی لـە زینـدان، توانـای خـۆی لـە چالاکیـی سیاسـییەوە گـۆڕی بـۆ چالاکیـی پەروەردەیـی؟**

-بـە تایبـەت دوای شۆڕشـی یۆلیـۆ، هەمـوو هەوڵـی خـۆی بـۆ پـەروەردە تەرخانکـرد.

***ئایـا لـە زانکـۆی ئەسـکەندەریە، خوێندنـت بـە زمانـی عەرەبـی بـوو؟**

-بەڵـێ بـە زمانـی عەرەبـی بـوو. سـەرەڕەختێک بەریتانییـەکان لـە وڵاتـدا بـوون، بڕێکـی بـاش لـە زمانـی بیانیـمان دەخوێنـد. مامۆسـتای ئینگلیزمـان هەبـوو بـۆ زمانـی ئینگلیـزی و فەرەنسـیش بـۆ وانـەی فەڕەنسـی.

لە تەمەنـی شـەش ساڵییەوە فێـری زمانی ئینگلیزییـان دەکردیـن و لـە یانزە و دوانزە ساڵیشـەوە، دەسـتمان بـە خوێندنی زمانی فەڕەنسـی دەکـرد. لـە زانکـۆ هەمیشـە لـە پەیوەندیـی بەردەوامـدا بوویـن لەگـەڵ زانکۆکانـی ئەورووپـا و بـە تایبەتیـش زانکۆکانـی فەڕەنسـا.

بـەر لـە جەنگـی دووەمـی جیهانـی، خاوەنـی چەندیـن مامۆسـتا بوویـن لـە وێنـەی (لالانـد، کۆبـری، بریهـێ). لـە سـەرەڕەختی جەنگیشـدا (جـۆن گرۆنـێ)، مامۆسـتامان بـوو. لەئینگلیزەکانیـش (ویسـدام) کەلەکامبریـدج بـوو، وانـەی پێدەوتیـن. واتـە بـە چاکـی پـەروەردە بوویـن.

***بـەو جـۆرە و لەگـەڵ خوێنـدن بـە سـێ زمـان، ڕووت لـە خۆرئـاوا کـرد. لـە بارودۆخێکـدا کـە هێشـتا بارودۆخێکـی کۆلۆنیالیانـە بـوو؟**

-لـە سـەردەمانی (محەمـەد عەلـی)ی پاشـاوە، بەرنامەیـەك هەبـوو کـە خوێنکاری زیاتـر ڕەوانـەی ئەورووپـا بکرێـت. بۆیـە شـتێکی ئاسـایی بـوو ئـەو خوێنکارانـەی نمـرەی بەرزیـان بەدەسـتدەهێنا لـە زانکـۆ، دەنێـردران بـۆ ئەورووپـا تـا درێـژە بـە خوێنـدن بـدەن و ئەوەشـبوو بـووە ڕێورەسـمێك.

***ئـەم هەوڵـە گـەورە بـۆ محەمـەد عەلـی پاشـا دەنووسـرێت کـە لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا، دەسـتپێکرد و لـە یەکەمیـن ئـەو کەسـانە دادەنرێت کـە هەوڵیـان بـۆ مۆدێرنیزەکردنـی جیهانـی ئیسـلامی و وڵاتانـی عەرەبییـدا؟**

-پێویسـتە ئـەو ڕاستییە بڵێیـن کـە کۆلۆنیالیـزم بـەو جـۆرەی ڕەخنەبـاران کـرا و لـە دژی وەسـتانەوە، خـراپ نەبـوو. بەریتانییـەکان فێربوونـی زمانـە بیانیەکانییـان چەسـپاند و هەڵـی خوێندنیشـیان لـە وڵاتانـی دەرەوە بـۆ خوێنـدکاران ڕەخسـاند.

***ئـەوە ڕاسـتە. ئەوانیـش وەك فەرەنسـییەکان و دواتریـش ئەمریکاییـەکان، هەوڵیانـداوە ئـەو گەنجـە ژیرانـە لـە ئەورووپـا پـەروەردە بکـەن و دوای تەواوکردنـی خوێندنەکەیـان و گەڕانەوەیـان، سـودیان لـێ ببینـن؟**

-بەڵێ بێگومان. پێویستیان بە دەستەبژێرێك هەبوو، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت.

***لە ڕێی حکومەتی میسرییەوە، دەرفەتی ئەوەت بۆ ڕەخسا تا لە ئەوروپا درێژە بە خوێندن بدەیت. ئینگلتەرا و فەرەنسات لەبەردەمدا بوو، وەلێ دواجار فەرەنسات هەڵبژارد. بۆچی؟**

-زەحمەت بوو لە زانکۆی کامبریج وەربگیرێم کە مامۆستاکانم بۆیان دەستنیشانکردبووم، لەبەرئەوەی دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، ئەولەویەت بۆ جەنگاوەرە کۆنەکان بوو. ئەوە وای لێکردن تا ئەو کێشەیە چارەسەر نەکەن، خوێندکارانی دیکە وەرنەگرن و وەڵامی داواکارییەکانی ئێمەمانان نەدەنەوە. ئەوەش مانای وابوو دەبوو زۆر چاوەڕێ بوومایە، بێ ئەوەی بزانم ئەو چاوەڕوانیکردنەم ساڵێك یان دووان دەخایەنێت. بۆیە ساڵی 1945 چووم بۆ فەڕەنسا.

***لە زانکۆی سۆربۆن ناوی خۆت تۆمارکرد؟**

-بڕوانامەی دووەمم بەدەستهێنا، وەلێ هەر لەو ماوەیەشدا دەروونشیکاریم خوێند.

***ئەوکات دەروونشیکاری لە میسر و وڵاتانی عەرەبیدا، هیچ بوونێکی نەبوو. ئایا لە میسر دەربارەی دەروونشیکاری هیچت بەرگوێ کەوتبوو؟**

-بەڵێ، لەبەرئەوەی لە میسر دکتۆر مستەفا زەیوری لێبوو. ئەو بەر لە جەنگ نێردرابوو بۆ پاریس و لەوێ پزیشکی و فەلسەفە و دەروونشیکاریی خوێندبوو. بەهۆی بەرپابوونی جەنگەوە، ناچارکرابوو بە گەڕانەوە بۆ میسر. کە گەڕابووەوە لە زانکۆی ئەسکەندەریە، بووبووە مامۆستا. لەگەڵ ئەودا بە دەروونشیکاری ئاشنا بووین.

لە ساڵانی دووەم جەنگی جیهانیدا، گروپێکی سوریالی هەبوون و جۆرج حەنین و ڕەمسیس یۆنان ئەندامی ئەو گروپە بوون. ئەوانە باسیان لە فرۆید و فرۆیدیزم دەکرد. لەو فەزایەدا و لەگەڵ مستەفا زەیوردا لە دەروونشیکاری نزیك دەبووینەوە. دەستمان بە خوێندنەوە و ڕانانی کتێب و ...هتد کرد. مستەفا زەیور دەروونشیکار بوو، پەیوەندیی لەگەڵ گروپی پاریسدا هەبوو کە (لاگاش و لاکان و دولتۆ)، ئەندام بوون تێیدا.

***ئایا دەروونشیکاری دیکەتان لەگەڵدا بوو؟**

-لەو ماوەیەدا جگە لە مستەفا زەیور، کەسی تر نەبوو. ئەو مامۆستامان بوو، ئێمەش سێ یان چوار خوێندکار بووین. بۆیە زۆر نزیك بووین لێیەوە و پەیوەندیی توندوتۆڵمان لەگەڵیدا هەبوو.



**سەرهەڵدانی دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆخۆی دەوڵەتێکی ئایینی، فیرعەونی، دیسپۆتیزمی بووە. ستەمکاری خۆرهەڵاتی داهێنراوی کارل مارکس نییە، بەڵکو ڕوداوێکە هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە هەیە**

بۆیە دەیتوانی بە چاکی ڕێنمایی ئەو ژمارە کەمەی ئێمە بکات.

***ئایا ناسینی مستەفا زەیور، دەرگای پاریسی بە ڕوودا کردیتەوە؟**

-بەڵێ، دوای جەنگ لەگەڵمدا هات بۆ پاریس.

***کەواتە هەر لە قۆناغی هەرزەکارییەوە، لەسەر ئاستی خێزان و لەسەر ئاستی زانکۆ بە هۆی مامۆستاکەتەوە لە بواری فەلسەفەدا، پشتگیریی کراویت. زۆرجار لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا خۆمان لە قەرەی شتگەلێك نادەین کە لەگەڵ بوونیادە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندیی خێزانیدا نەیەتەوە، وەلێ تۆ گوێت بەوانە نەداوە. ئایا ئەو فەزایەی لەو سەردەمەدا تێیدا پەروەردە بوویت، فەزایەکی ئێجگار کراوە بوو؟**

-بێگومان ئەوە ڕاستە. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەو سەردەمە لە ڕووی وەرگێڕانەوە، زۆر چالاك بوو. لیژنەی نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە هەبوو کە چەندین تێکستی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا.

***ئەو قۆناغە قۆناغێکی پڕ پیت و دەوڵەمەند بوو، جیهانی عەرەبی لە هەوڵی ئەوەدا بوو بە ڕووی دەرەوەدا بکرێتەوە؟**

-بە هەرحاڵ لەو سەردەمەدا، میسر قۆناغی ڕۆشنگەریی دەگوزەراند.

***لەوە بە دوا لەبەر هۆکارگەلێك کە تاوتوێمان نەکردن و بە دوایاندا نەچووین، ملمان نا بەرەو تاریکخوازی و گەڕانەوە بۆ ئایین، بە مانا کۆنەپەرستانەکەی؟**

-سەرەتا ئەوەی ئەو ئاڕاستەیەی گۆڕی، گەڕانەوە نەبوو بۆ لای ئایین، بەڵکو گەڕانەوە بوو بۆ ئەنگێزەی فیرعەونایەتی لەگەڵ عەبدولناسردا. ئەوە بوو لە شەو و ڕۆژێکدا ئەو فەزایەی شێواند.

***من دڵخۆشم بەوەی باسی ئەوەت کرد، چونکە پێموایە لە سەرەتادا لایەنگری عەبدولناسر بوویت، دواتر ڕەخنەی توندت ئاڕاستە کرد؟**

-نا نەخێر، من لایەنگری نەبووم. با بڵێین من توانیم لە سایەی حوکمڕانیی ئەودا، بۆ ماوەی پێنج ساڵێك کەمێك ئازادانە لە وڵاتدا بژیم، چونکە لانی کەم لەو ماوەیەدا لە سیاسەتی دەرەوەیدا، شتێکی تێدا بوو قابیلی قبوڵ بێت و گونجاو بوو.

***لەو بڕوایەدام لە کتێبێکتدا خوێندومەتەوە، باس لە کۆنگرەی (باندۆنگ) دەکەیت و ڕۆڵی عەبدولناسر لەگەڵ شوان لای و تیتۆدا بەرز دەنرخێنیت و پشتیوانیی لێدەکەیت؟**

-پشتیوانی لێکردنی، بەڵێ. ئەوەش هەموو شتێك بووە. ئاخر من بینیم چۆن لە شەو و ڕۆژێکدا شەست مامۆستای زانکۆی دەرکرد و چۆن زانکۆش بە زرێپۆشەکان گەمارۆ درا. بینیم ئەفسەرێکی سوپا یان مولازمێك (ئیتر پلەکەی هەرچی بووبێت)، بوو بە وەزیری پەروەردە. بینیم سەرۆکی زانکۆ لە پێشییەوە ڕایدەکرد، تا دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەی بۆ بکاتەوە. ئەوە گاڵتەجاڕی و ئابڕووچوونە.

پاشان دوای مانگرتنەکە، بڕیاری لەسێدارەدانی ئەوانەی دا کە بەشدارییان لەو کارەدا کردبوو. بەو جۆرە هێدی هێدی ترس باڵی کێشا و لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا، هەموو شت ژێرەوژوور بوو.

***واتە خەونی نەتەوایەتی کەئامانج لێی ئەوە بوو وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی بەرەو نوێگەری بەرێت، هەر زوو لە سایە و پەنای ڕژێمێکی پۆلیسیی موخابەراتیدا پوکایەوە؟**

-دواتر ئەوەش بووە نموونەیەك بۆ تەواوی ڕژێمە حوکمڕانەکانی وڵاتانی عەرەبی (وەك لە سوریا و عێراق بینیمان)، لە کاتێکدا ئەوان لە هەوڵی چاکسازیی سیاسیدا بوون، نموونەکەی عەبدولناسر گۆڕینی بۆ دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەر و پۆلیسی.



*Étienne de La Boétie*

***ڕەنگە لێرەوە ڕێسای تێڕامانمان لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەلا گەڵاڵە ببێت، وەك ئەوەی تۆ لە کتێبەکەتدا باستکردووە و دواتر قسەی لە بارەوە دەکەین. هەر لەو ساتەوەختەی داخڵ بە پاریس دەبیت (وەك مەزەندەی دەکەم)، ئیدی دەست دەکەیت بە بچڕاندنی پەیوەندیەکانت و ئاوێتەی دنیا تازەکەت دەبیت و دەست بە خوێندن دەکەیت. کارکردنت لەگەڵ ژاك لاکان و بنج و بناوانت و بنەماڵەکەتان لە میسر و سەردان و هاتوچۆت بۆ زێدی لەدایکبوونت و... هتد؟**

-واتە چۆن ئەو دابڕان و دابەشبوونەم گوزەراندووە؟

***باسی تاراوگە ناکەم، چونکە پێموایە لە هەموو جێیەکدا، پارێزراو و سەر سەلامەت بوویت؟**

-سەروەختێك ڕووم کردە دەرەوە، وڵات بە ڕووی تەواوی دنیادا کراوە بوو. خەڵك و خوا سیاسی بوون و بۆ پرسە نیشتمانییەکان پەرۆش بوون. واتە وڵات لە پێناوی سەربەخۆییدا تێدەکۆشا. ئەو قۆناغە تەنها قۆناغێك بوو تیایدا ڕۆژنامە سەنگ و قورسایی هەبوو، بەتایبەت لە شارەکاندا. تا ئەو کاتە هیچ ململانێ و گێرمە و کێشەیەك نەبوو.



**تا ئەمڕۆ نووسەر لە میللەت دابڕاوە، ناخوێندرێتەوە. هەر بۆیە لە تەواوی مێژووی ئێمەدا، ناتوانین ناوی یەک تاکە نووسەر بدۆزینەوە، ئەو ڕۆڵەی گێڕابێت کە ڤیکتۆر هۆگۆ، لە فەرەنسادا گێڕاویەتی**

گەیشتن بە ئەورووپا درێژکراوەی پێشوتر بوو. پایەدارکردنی دیکتاتۆریەت لەگەڵ ناسر و سەرهەڵدانی ئیسلامیزم لەگەڵ ساداتدا، ململانێ و بێنەوبەردەیان نایەوە. ئایین لە پلەی دووەمدا دەهات. سادات دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی (کامپ دەیڤید) لەگەڵ ئیسرائیل لەو باوەڕەدا بوو، شۆڕشێکی کۆمۆنیستی بەڕێوەیە.

بۆ ئەوەی دژایەتیی ئەو شۆڕشەش بکات، بڕیاریدا پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا بپچڕێنێت و بەوەش بازاڕی لەبەردەم پترۆدۆلار و تێکڕای ڕێکخراوە زۆر کۆنەپەرستەکانی ناو ئیسلامدا کردەوە.

***بەم جۆرە شکستی ناسر و ناسریزم هەر تەنها لە میسردا نەبوو، بەڵکو لە تەواوی وڵاتانی عەرەبییدا بوو بە گشتی (لە دوای 1967 ـەوە، ئەوەش بەرەو ئەو سیاسەتە ساداتییەی بردین و بووە مایەی دابڕانی میسر لە جیهانی عەرەبی و گەمەی (پەرتکە و زاڵبە) کە خۆرئاوا و ئیسرائیل پەیڕەوی دەکەن، بەوە گەیشت کە ئەمڕۆ پێی گەیشتوین. لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئایین زۆر زیاتر بووە، ئیتر لەلایەن ساداتەوە بێت یان لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە. لە عەرەبستانی سعودیە و دواجاریش لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە بۆ حەماس.**

**با بزانین لە سەرەتاکانیدا، لەنێوان پاریس و میسردا چۆنت گوزەراند؟ ئەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و شەڕە یەک لە دوا یەکەکانت چۆن بەڕێکرد کە وڵاتانی عەرەبی لە هەندێکیدا سەرکەوتوو نەبوون؟**

-بەو پێیەی لە ئەورووپا بووم، بەرەبەرە بە ڕووداوی (هۆڵۆکۆست) ئاشنا دەبووم و کەسانێکم بینی کە لەو کەمپانە ڕزگاریان بووبوو، نەمدەتوانی گومان لە ڕاستیی ڕووداوەکە بکەم.

لە وڵاتانی عەرەبییدا هیچ کەس لەو بارەیەوە نەیدەزانی چی ڕوویداوە. گەر کەسێکیش زانیاریەکی هەبوایە، وەڵامەکەی ئەوە دەبوو: (جا دەبێت ئێمە چی بکەین؟ مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە).

سەرەتا من خۆم لایەنگری دابەشکردنی 1948 بووم. لە لایەکی دیکەوە پێم وابوو پەرچەکرداری سەربازی وڵاتانی عەرەبی، کارێکی بێ بنەما و گەمژانە بوو، لەبەرئەوەی ئیسرائیل لەلایەن تەواوی وڵاتانەوە (بەتایبەتیش لەلایەن ئەمریکا و ڕووسیاوە)، دانی پێدا نرابوو. کە وابێت نەدەبوو شەڕ لە دژی ئەو دەوڵەتە ڕابگەیەنرێت، چوونکە ئەوە مانای ئەوەی دەگەیاند کە شەڕ لە دژی تەواوی دنیا ئیعلان دەکەیت.

***ئەو بۆچوونە لەمڕۆدا وەک حیکمەت و داناییەک دێتە**

**پێش چاو، بەو پێیەی شەڕە بەردەوامەکان لەگەڵ ئیسرائیل دا، هەمیشە دۆخەکەی خراپتر کردووە؟**

-بەڵێ وایە. پێموایە کاتی خۆی لە بۆچوونەکانمدا پێکاومە و بە هەڵەدا نەچووم.

***جگە لە ناسر، بۆرقیبە هەبوو کە بەجۆرێکی دیکە بیری دەکردەوە و سەرەوەختێك لە ساڵی 1965 پێشنیاری ڕێکەوتننامەی ئاشتیی لەگەڵ ئیسرائیلدا کرد. ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە؟**

-دوای شکستی 1967 تەنها کەس بوو بوێریی نواند و وتی: (گەر مرۆڤ وڵاتەکەی بەرەو ماڵوێرانیی گەورە برد، پێویستە وازبهێنێت و دەستلەکاربکێشێتەوە). بۆرقیبە کەسێکی واقعی و ئازابوو.

***با بگەڕێینەوە لای کتێبەکەت (بۆچی جیهانی عەرەبی ئازاد نییە؟). لەکەیەوە بیرت لەم کتێبە کردۆتەوە؟**

-هەر لە کاتی مردنی عەبدولناسرەوە بگرە لەدوای شکستی (1967). بەو پێیەی زۆر سەردانی میسرم دەکرد، دەمبینی وڵات لە چی دۆخێکی دواکەوتوییدایە، بۆیە دەستم بە نووسین کرد، بۆ هەندێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. یەکێك لە هاوڕێیان پێشنیاری کرد، ئەو وتارانە کۆبکرێتەوە و وەك کتێبێکی نهێنی بڵاوبکرێتەوە!

***سەرەڕای نووسینی وتار بۆ گۆڤارە جیاجیاکان، بایەخیشت داوە بە ئیتیان دی لابوسێ و کتێبەکەی (خۆ بە کۆیلەکردن). ئەو کتێبەت وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و پێشەکیەکی دوورودرێژیشت بۆ نووسی. ئەمانە هەموو بوونە خاڵی دەستپێك بۆ نووسینی کتێبی (بۆچی دنیای عەرەبی ئازاد نییە؟ سیاسەتی نووسین و تیرۆری ئایینی).**

**چی هاندەرت بوو بۆ نووسینی ئەو وتارانە و وەرگێڕانی ئەو کتێبە؟ چی بووە مایەی سەرنجراکێشانت؟**

-ئەو کات خەمبار بووم بۆ ئەو دۆخەی گەلی میسر پێیگەیشتبوو! من خۆم بایەخ بە شیکردنەوەی سۆسیۆ-سیاسی دەدەم و ئیتیان دی لابوسێش، دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە.

***لە میسر چۆن پێشوازی لە کتێبەکەت کرا؟**

-هیچ جۆرە پێشوازی و کاردانەوەیەك نەبوو، ئەوەش بۆ خۆی بەدبەختییە!

***با بڵێین نە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە هەیە و نە خوێنەر؟**

-نا نا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە نییە ئەو شتانە بڵاوبکاتەوە کە هاوڕێکەم کۆی کردبووەوە. وەڵامەکە ئەوەبوو: (دەتەوێت توشی گۆبەندێکمان بکەیت!). خوێنەر نەماوە. ئاستی خوێندکارانی خوێندنی باڵا خراپ بووە. ئەویش بەرەنجامی کاریگەریی نەرێنیی ناسریزمە لەسەر بواری پەروەردە و فێرکردن... ئیتر لێرەوە ئەو کەلێنەم بەدی دەکرد کە نووسەرانی لە گەل جیا دەکردەوە.

***وەك بیرم مابێت کتێبەکەت کۆکراوەی ئەو وتارانەیە کە لە هەشتاکانەوە نووسراوە، هەروەها لە ساڵانی 1991 و 1998. ئەم کتێبەت سێ شێوەی هەیە. سەرەتا بە زمانی عەرەبی و بە شێوەیەکی کورتکراوە بڵاوکرایەوە. پاشان چاپە ئینگلیزییەکەی لەگەڵ پێشەکییەکەدا کە لە عەرەبییەوە وەرگێڕدرابوو. ئەمڕۆکەش بە فەرەنسی لەگەڵ پاشکۆیەکدا کە بەشداریکردنێکی (فرانسوا ڤال)ە، وەك ئەوەی پێشنیازی بۆ کردویت تا تێکستێکی بۆ زیاد بکەیت، دەربارەی پەیوەندی لەنێوان (سیاسەت و نووسین و تیرۆری ئایینی)دا.**

**تێزەی سەرەکی کتێبەکەت چییە؟ ئەو دابڕانەیە کە لە جیهانی عەرەبی لەنێوان وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەیە یان جیاوازیی نێوان زمانی ڕەسمی و زمانی میللییە؟ یاخود گەمەی دەسەڵاتی**

**نووسینە لە ڕێی جیاکاریکردن لەنێوان زماندا، یەکێکیان بۆ خاتری دەسەڵات و ئەوی دیکەشیان بۆ مەبەستی گاڵتەجاڕی و شۆخی پێکردن. شتێکی لەو جۆرە بووە مایەی دواخستنی میسر و وڵاتانی دیکەی عەرەبی لە کاروانی مۆدێرنە و نوێبوونەوە؟**

-بەڵێ ئەوە وایە و دەتوانم بڵێم، تێزەی کتێبەکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە بەردەوامێتییەک لە مێژووی سیاسی، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. دەمەوێت بڵێم سەرهەڵدانی دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆخۆی دەوڵەتێکی ئایینی، فیرعەونی، دیسپۆتیزمی بووە. ستەمکاری خۆرهەڵاتی داهێنراوی کارل مارکس نییە، بەڵکو ڕوداوێکە هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە هەیە.

گریکەکان تەواو هۆشیار بوون بەوەی، جیاوازیی سیاسی لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەیە. ئەم مەسەلەیەش پەیوەندیی بە ڕەگەزەوە نییە، بەڵکو دەرگیری جوگرافیایە. ئەو گەلەی لەسەر کۆمەڵە دورگەیەک دەژی، وەک ئەوە میللەتە نیە کە لە دۆڵ و پێدەشتە پانوپۆڕەکاندا دەگوزەرێنێت. لەوێدا گریکەکان توانستی دەوڵەتێکی سێنترالیان لەبەردەستدا نەبوو.

هەندێ لە بیریاران پێیان وابوو مەسەلەکە بۆ عەرەب تەواو جیاواز بووە. ئەوەی دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە: (عەرەب دەوڵەتەکەیان لەسەر مۆدێلی ساسانی چێکرد).

سەروەختێك پێم دەوترێت: (وەلێ دەوڵەتێك بووە لەسەر قورئان ڕۆنراوە)، پێموایە ئەوە قسەیەکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی لە قورئاندا شتی وەها نییە. لێرەشدا بیروبۆچوونەکانی عەلی عەبدولڕەزاق و کەسانی دیکەی وەك عیزەدین عەلام لە مەغریب و خەلیل عەبدولکەریم لە میسر بەبیردێنمەوە و دەریدەخەم کە دەوڵەتی ئیسلامی، هیچ بنەمایەکی نە لە قورئاندا هەیە و نە لە فەرموودەدا.

وەك لە کتێبەکەمدا باسمکردووە، ئەوە ناودەنێم بوونیادی ئیمپراتۆری کە لای ساسانییەکان و هەروەها لای ئیمپراتۆری بیزەنتیش هەبووە، وەك میراتگری ئیمپراتۆریای ڕۆمانی و هەمان بونیادی ئیمپراتۆری لە فۆرمی دەسەڵاتی عەرەبییدا بەدیدەکەین.

بەڵێ دەمەوێت بیرۆکەی بەردەوامێتیی سەرەتا لەسەر ئاستی سیاسی ئاشکرابکەم و باس لەو پەیوەندییەش بکەم کە لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی کایەی نووسیندا هەیە.

من لێرەدا شتێکی تازەم نەهێناوەتە ئاراوە و ئەوەی هەیە، ئەو تێزەیە کە کلۆد لێڤی شتراوس لە (بازنە غەمگینەکان)دا باسی لێکردووە و سەبارەت بە پرسیاری نووسینی زمانەکان، بایەخێکی گەورەی هەبوو. دەریدەخەم کە ڕژێمەکان دەرهەق بەو پرسە هەڵوەستە دەکەن و ڕێگە بەوە نادەن، پەی بە پرانسیپی مرۆییانەی زمانزانی ببرێت. پرانسیپێك کە شیشرۆن هێنایە ئاراوە، سەروەختێك باسی لەوەکرد زمانی لاتینی پەیوەستە بە گریکەوە. ئەوەی دەربارەی زمانێك باس دەکرێت، دەشێت بە هەمان شێوە بۆ یەکێکی دیکەی تریش هەر وەهابێت.

هەر زمانێك تایبەتمەندێتی ئەوەی هەیە خەسڵەتی پاوانکردنی هەموو ئەو شتانەی هەبێت وا بکات بیر لەو سیاسەتانە بکرێتەوە کە پەیوەندییان بە ڕژێمە سەرکوتکەرەکانەوە هەیە. دەکرێت کتێبەکە لەو دوو تێزەدا پوخت بکرێتەوە. سەرەتا بوونی پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی ستەمکاریدا هەیە و پاشان مل دەنێت بۆ پەیوەندیی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە بە سیاسەتی نووسینەوە.

ئەم سیاسەتە (سیاسەتی نووسین)، لە میسر و وڵاتانی عەرەبیدا بۆ زانینی جیاوازیی نێوان زمانی قورئان و زمانی عەرەبی فوسحا و زمانە لۆکاڵییەکانی هەر وڵاتێک بە جیا بەکارهێنرا. هەر بۆیە لە هەر وڵاتەێکدا زمانێکی قورئان دەبینین کە پیرۆزکراوە و وەك نێوەندێکی لێهاتووە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی سیاسی، لەسەر حیسابی زمانی لۆکاڵی.

بەڵێ گۆڕانکاری ڕوویداوە. ژمارەی ئەو کەسانە زیاتر بووە کە خوێندنەوە

و نووسین دەزانن و ئێستا سەردەمی فیرعەونییەکان نییە! نووسین بۆتە پرۆسەیەکی گشتگیر.

ئەو ڕەخنەیەی دەشێت ئاراستەی نووسین بکرێت، ئەوەیە مرۆڤ وەها مامەڵە لەگەڵ نووسراودا دەکات، وەك ئەوەی حەقیقی بێت. ئەوەش بۆتە مایەی لێڵکردنی ئەوەی لەنێوان نووسراو و هەقیقیدا هەیە، وەلێ بە هۆی گریکەکانەوە، ئەو بابەتە ڕەتکرایەوەو کۆتایی هات. ئەوەی گرنگە مرۆڤی ئێمە لە قوتابخانە بە گشتی، تەنها سینتاکسی فوسحای زمانی عەرەبی فێر دەبێت.

واتە گەر یەکێك بایەخ بەنووسین بدات و لەسەر خۆشەویستی زمان گەورە بووبێت، بەوە شێوەیە فێر دەبێت کە لە قوتابخانە فێرکراوە. واتە ئەوەی دانتی پێی دەڵێت: (زمانی سێنتاکسی). بە هەمان شێوە دەبینین نەخش و نیگاری پەرستگا فیرعەونییەکان، خزمەتیان بە دەوڵەت کردووە و هەروەها لەمڕۆشدا دەکرێت بڵێین زۆربەی نووسەران، بە فیعلی خزمەتکاری دەوڵەتن.

تا ئەمڕۆ نووسەر لە میللەت دابڕاوە، ناخوێندرێتەوە. هەر بۆیە لە تەواوی مێژووی ئێمەدا، ناتوانین ناوی یەك تاکە نووسەر بدۆزینەوە، ئەو ڕۆڵەی گێڕابێت کە ڤیکتۆر هۆگۆ، لە فەڕەنسادا گێڕاویەتی. بێ ئەوەی باسی شکسپیر و کێ و کێی تر بکەین.

لە مێژووی ئێمەدا، نووسەرانمان مافی ئەوەیان نییە ڕاوبۆچوونی خۆیان بڵێن و ئەوەش جێگەی سەرسوڕمانە. ئەمەش بۆ خاتری ئەوە دەکرێت تا گەل لە پرۆسەی بیرکردنەوە دووربخرێتەوە. دەڵێن بیرکردنەوە ئەرکی میللەت نییە. کەواتە ئەمە جیاکردنەوە و دابڕانێکی ماڵوێرانکەرە.

***بەڵام سەبارەت بە جیهانی خۆرئاوا (هەر لە سەدەی دوازدەیەم و سیازدەیەمەوە)، هەوڵێکی بەردەوام هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەها و دەسەڵاتی پادشا. لەگەڵ سەرەتاکانی ڕۆشنگەری و گەشەسەندنی شارەکان لە ڕووی ئابورییەوە و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتە ڕەهاکان، وەك لە کتێبەکەتدا باسی دەکەیت، بوار بە ڕووی دیموکراسیدا دەکرێتەوە. کە دەوترێت (دیموکراسی)، واتە عەقڵی ڕەخنەیی. سەرەتاکانی ئەو پرۆسەیەش کەم تا زۆر، لەگەڵ دەستپێکی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز لە ئەڵمانیا (واتە چرکەساتی ڕیفۆرمی ئایینی)دا دەستیپێکرد. لە ئێستادا ڕەوتی جیاجیا هەن لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای وڵاتانی عەرەبیدا و لە برەوسەندندان، وەلێ ئەوانە کەمینەن و دەسەڵاتداران تەرێزیان لێدەکەن. واتە هێشتا ئێمە ئەوو هێز و توانایەمان نییە. بۆ گومان خستنەسەر دەسەڵاتی دیسپۆتیزمی، دەسەڵاتی تاکەکەس؟**

-بە شێوەیەکی گشتی خەڵکانێك هەن، لەسەر بنەمایەکی هەڵە پەروەردە بوون. وا فێرکراون زمانەکەیان کەمترە لەو زمانەی فێری ڕێساکانی دەبن. داوا دەکەم بوار بە خوێندنی زمانە لۆکاڵییەکان و ڕێزمان و ئەدەبیاتەکانیان لە خوێندنگاکاندا بدرێت، بۆ ئەوەی خەڵك و خوا شتێك لە ڕێز و حورمەتیان بۆ خۆیان و بۆ زمانە لۆکاڵیەکانیان بۆ بگەڕێتەوە.

***لەبەرئەوە یەکێك لە بەرهەمە دیارەکانی شکسپیرت (ئۆتێلۆ) وەرگێڕایە سەر زمانی لۆکاڵی. ئایا ئەمە بەشداریی سیاسییانەی تۆیە لەو پرسەدا کە ئاواتی پێدەخوازین؟**

-بەڵێ ئەوە بەشداریکردنی منە لەوەدا، بەڵام وەك دەوترێت: (بە گوڵێك بەهار نایەت). هەروەها چەمکی سەروەری گەلانیش هەیە. ئەمە پەیوەستە بە ئەورووپاوە و ئەو چەمکە لە خۆرهەڵاتدا بوونی نییە.

لە ئەورووپا (تەنانەت لە سەردەم و زمانی باڵادەستی مەسیحیەتیش)دا، هەمیشە ئایدیای سەروەری گەلان لەئارادابووە و لای گریکەکان هەبووە. پاشان لەگەڵ مەسیحیەت و وتەزاکەی (بیدەن بە قەیسەر ئەوەی کە هی

قەیسەرە و بیدەن بە یەزدان ئەوەی کە هی یەزدانە)، بەردەوام بووە.

ئەوەش بە مانای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئایینی دێت و دەرخەری ئەوەیە کە ئایدیای سەروەریی گەلان، لە نووسین و بیرکردنەوەی سیاسیدا ئامادەگیی هەبووە، تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا. ئەمە لە کاتێکدا لای ئێمە وانەبووە.

***دەتەوێت بڵێیت لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەستەمە (ئایین و دەوڵەت) لێک جیا بکرێنەوە؟**

-بەڵێ، هەرچەندە وتەزای (ئایین و دەوڵەت) ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەر ئایینێک ڕوویەکی گوزارشتە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە یەزدانەوە و ڕوویەکی دیکەشی، تایبەتە بە پەیوەندیی مرۆڤ بە ئەوانی دیکەوە.

***با ئێستا پرسیارێکی دیکە بکەین (ئەڵبەت گەر خواستی ئێوەی لەسەربێت)، پرسیارێک نزیک بە سەدەیەکە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ژەهراوی کردووە، ئەویش کێشە و ململانێی نێوان زایۆنیزم و ناسیۆنالیزمی فەلەستینییە. لە مڕۆدا کێشەی فەلەستینی چۆن دەبینیت؟**

-ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە شتێک نییە ناوی کێشەی فەلەستینی بێت، لەبەرئەوەی فەلەستین خۆی بوونی نییە! ئەوەی هەیە، تەنها فەلەستینییەکانن! بەر لە ساڵی 1948، دەیانتوانی کۆچ بکەن و ڕایانکرد. لە وەها بارودۆخێکدا، ڕویانکردە وڵاتێکی وەک ئەردەن و ڕەگەزنامەی ئەردەنیان پێدرا.

پاشان شەپۆلی دووەم دەستی پێکرد (1967)، وەلێ ئەوانە سەروەختێک چوون بۆ لوبنان و ئەردەن، ڕەگەزنامەیان پێنەدرا و لە کەمپی پەنابەراندا کۆکرانەوە. لە ئێستادا کێشەکە ئەوەیە، ئەوان شوێنێك شکنابەن بۆی بچن. کەس هیچی لەوان ناوێت و کەس حەز بە چارەیان ناکات، بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی. لە هەموو شوێنێك تەرێزیان لێدەکرێت.

***دەوترێت نەتەوایەتی و جیهانی عەرەبی، لە سەدەی بیستەمدا شکستیان خوارد. وەلێ لەمڕۆدا ئێمە لەکوێداین؟ یەکێتییەکی عەرەبی گونجاو بوونی نییە.**

-گەر پرکێشی بکەم دەتوانم بڵێم: (عەرەب بە جۆرێك لە جۆرەکان، شیمانەی خاوەندارێتیی داهاتووی لەدەستدا). هەر ئەمە وایکرد ئێمە لەگەڵ ڕابوونی زانست لەگەڵ (گالیلۆد)، لە جێگەی خۆماندا بچەقین. هەموو شتێك لەوێوە دەستی پێکرد.

دەرفەتەکەی گونجاو نییە، تا باس لە مێژووی زانست بکەین. وەلێ لە وڵاتانی عەرەبیدا، زانا و کەسانی بلیمەت هەبوون کە دەشێت بە زانا و بلیمەتە گەورەکانیان بەراورد بکەین. بەڵام ئەمە ئەو زانستە نییە بە مانا خۆرئاواییەکەی، زانستێك کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم و لەگەڵ گالیلۆ هاتە ئارا و پەرەیسەند.

لەوە بە دوا عەرەب ڕووبەڕووی شتگەلێك بوونەوە کە نەیانتوانی هەماهەنگییان لەگەڵدا بکەن. ئەگەرچی چەند هەوڵێکیان دا (هەوڵەکانی محەمەد عەلی پاشا). خۆرئاواش تەنها یەك گرفتی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو سەری بکات بە ناو ئاودا. واتە نەهێڵێت وڵاتانی عەرەبی، بەشی خۆیان لە گەشە و پەرەسەندن بەرن.

***لەوەدا ڕاست دەکەیت، چوونکە هەرچی جارێك وڵاتێکی عەرەبی هەوڵدەدات لەو نوچدانە هەستێتەوە، وڵاتانی خۆرئاوایی دەست بە تار و مارکردنی دەکەن؟**

-بەڵێ، وێرانکردنی. بەتایبەتی کاتێك ئەو وڵاتانە لە یەکترییەوە نزیك بن. ژاپۆنی و چینییەکان توانییان خۆیان قوتارکەن.

***واتە نزیکایەتی ئەمبەرەوبەری دەریای سپیی ناوەڕاست وایکردووە، هەژموونگەری و پەلاماردانی وڵاتانی ئێمە ئاسان بێت؟**

-بێگومان!



*Moustapha Safouan*

***بۆ کۆتاییهێنان بەم گفتوگۆیەمان، حەزدەکەم لەسەر کۆتا نەسکی کتێبەکەت قسەمان بۆ بکەیت کە لەسەر داواکاری (فرانسوا ڤال) نووسیووتە، بە ناوی (سیاسەتی نووسین و تیرۆری ئایینی)؟**

-بەو پێیەی لای ئێمە مەسەلەکە پەیوەندیی بە دەوڵەتەوە هەیە و ئەو دەوڵەتەش ڕەوایەتیی لە ئایینەوە بەدەست دێنێت و دامەزراوەی ئایینییش لەژێر هەژموونی سەرۆکی دەوڵەتدایە و بە (ئەمیرولموئمنین) بانگ دەکرێت، کەواتە لێرەدا تەماهیکردنێك لەنێوان سیاسەتی (ئەمیرولموئمنین) و (حەق) دێتە گۆڕێ. لە چوارچێوەی (موتەعالی و موقەدەس)دا، سەروەختێك میللەت خۆبەخۆ ئاڵای سپی هەڵدەکات، ئەوا دەشێت بە بێ هیچ بەرخورد و نارەزایەتیی نیشاندانێك، هێز و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا سەرکەوێت.

وەلێ سەروەختێك دەوڵەت شکست دەخوات، ئەویش کاتێك کە ئەو فەرمانڕەوایە لەسەر هەموو ئاستەکان شکستدێنێت، ئەوکات بە خود و نارەزایەتیی دەربڕین دەستپێدەکات. وەلێ خودی ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت ببێتە خاوەنی هیچ توانست و کاراییەك، گەر بە گژی ئەو شەرعیەتەدا نەچێتەوە. لە دەوڵەتێکدا کە هیچ دەرتانێکت بۆ ناهێڵێتەوە و مرۆڤ تێیدا لەژێر باری

ترس و تۆقاندندا بێت لە ناوخۆدا، بەگژداچوونەوەی ئەستەم دەبێت، گەر هێزێك نەبێت توانای ئەوەی هەبێت. لەژێر تایتڵی تۆقاندنی پێچەوانەدا، تیرۆر دێتەئارا و دەوڵەت تاوانبار دەکرێت بەوەی گڵاو و ناپاکە. لەئێستاشدا ئەمە لەئارەدایە.

***کەواتە ڕەگوریشەی تیرۆری ئایینی، لێرەوە سەردەردێنێ؟**

-بەڵێ، ئەنگێزەی تیرۆر لە میسر لەگەڵ تیرۆرکردنی ئەنور ساداتدا دەستیپێکرد. وەلێ ئەوە بەرەنجامی هەموو ئەو شتانە بوو کە ئیخوان موسلمین لە زیندانەکانی عەبدولناسردا چەشتیان. لەبەرئەوەی بەشێك لە ئیخوان موسلمین، ڕێگەی تیرۆریان هەڵبژارد و لەوەشدا پشتیان بە بیروباوەڕی (تەکفیر) بەست و لە کتێبەکەمدا باسم لێکردووە.

***دەتوانم بڵێم دارمانی دەوڵەتی (تاکەکەسی) و دەوڵەتی دیسپۆتیزمی، پەرچەکردارێکی لێکەوتەوە کە ئۆپۆزسیۆن بوون لە فۆرمی ئایینیدا بێتەئاراوە، واتە گەڕانەوە بۆ ئیسلام و بەکارهێنانی بۆ خۆنوێکردنەوە دوای هەرەس؟**

-بەوەی ئیسلام بوو بە بنەمایەك بۆ دامەزراندنی دەسەڵات، نەدەکرا بەردەوام بێت وەك بنەمایەك، بۆ ئەوانەی دەیانویست ئەو دەسەڵاتە بڕوخێنن!

***بەڵام نابینیت وڵاتانیش ئیسلام وەك ئامرازێك بەکاردێنن، بۆ تارومارکردنی دەسەڵاتە سیکۆلارەکان. بۆ نموونە ئیسرائیل بۆ ئەوەی لە فەڵەستیندا بە گژ بزووتنەوەی (فەتح)دا بچێتەوە، لە ماوەی ساڵانی حەفتاکاندا ڕێگەی لە بەردەم هاتنە ئارای (حەماس)دا خۆشکرد. لەمڕۆشدا ئەمریکاییەکان لە عێراقدا کار بۆ ئەوە دەکەن.**

**لە کۆتاییەکانی سەردەمی ناسریدا، ئەمریکاییەکان عەرەبستانی سعودیە و لوتکەی جەدەی ساڵی 1970یان بەکارهێنا، بۆ بەرنگاربوونەوەی لایەنگرانی یەکێتیی سۆڤیەت و چەپی ناسری؟**

-بێگومان ئەوە وایە و ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریشە کە ئیسلام لە خۆیدا، لەگەڵ پێشکەوتندا ناکۆك نییە. کاتێك باسم لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریی خۆم کرد، ئەوەم دووپاتکردەوە و نیشانمدا کە مرۆڤ دەتوانێت وەك موسڵمانێك بمێنێتەوە و بە جۆرێك لە جۆرەکانیش هەڵگری بیروبۆچوونی ڕەخنەگرانە بێت.

جیاوازیی هەیە لەنێوان ئیسلام وەك خۆی و بەکارهێنانیشی بەو جۆرەی تۆ باسی دەکەیت، واتە بەکارهێنانی وەك ئەوەی عەرەبستانی سعودیە و سادات و ئەمریکاییەکان و ئەوانە دەتوانن، ئیسلام لە بواری سیاسیدا وەك هێزێکی کۆنەپەرست بەکاربهێنن.

***وەك کۆتا پرسیاری شەخسی دەمەوێت بپرسم (هەرچەندە وەڵامەکەشی دەزانم)، بەڵام هەر دەیکەم. ئایا لەئێستادا خۆت وەك کەسێکی ئاتەیست و گنۆسیست سەیر دەکەیت؟ پەیوەندیت بە ڕەگوریشە ئیسلامییەکەتەوە چییە؟**

-لەسەر ئاستی شەخسی بوێری ئەوەم تێدایە بڵێم: (هەڵگری هیچ بیروباوەڕێك نییم). دژی بیروباوەڕەکان نیم، وەلێ پێموایە دەتوانم بە بێ هیچ بیروباوەڕێك بژیم. لانی کەم لەسەر ئاستی سیاسی.

***ئایا ئەم شتانەت لە کتێبەکەتدا (بۆچی دنیای عەرەبی ئازاد نییە؟)، باسکردووە؟**

-بەڵێ گوتوومە. من هەڵگری هیچ بیروباوەڕێك نیم. وەلێ جیاوازی هەیە لەنێوان بیروباوەڕ و هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەک. واتە سەروەختێک دەڵێم (ئەلف)، دوای ئەوە ناتوانم هیچی تر بڵێم.

دەتوانم راوبۆچوونێك دەربڕم، قسە بکەم، بەڵام ئەمانە ئەوە ناگەیەنن کە من بیروباوەڕێکم هەیە و باسی دەکەم و وەك ئەوە وابێت خاوەنی پێشەکییەکی لۆژیکی بم و بە دوای ئەوەدا بگەڕێم، کۆکراوە و هاوسەنگ بم.

***لێرەوەیە فەلسەفە بە پێداویستییەك دەزانیت کە وەك سەرچاوەیەك بۆ بەگەڕخستنی ئەقڵ و بیر، دادەنرێت؟**

-بەڵێ، من ئەوە دەزانم بە شێوەیەکی گشتی خاڵی دەستپێکردن بۆ بیرکردنەوە، لە دەرەوەی بیروباوەڕدا بوونی نییە. وەلێ دەشێت برێك لە ئازادیمان هەبێت، وەك ئەوەی پێشەکیگەلێکی لۆژیکی هەڵبژێرین: ئیتر پێداویستیی ژیری بێت، یاخود لۆژیکی لە کایەی زانستی، یان پێداویستی ئەکت نواندن بێت. سەروەختێکیش دەست بە پێشەکییەکی لۆژیکی ئەو سیستمە دەکەین (پێداویستی ئەکت نواندن یان لۆگۆس)، ئەوا هاو سەنگتر دەردەکەوین. کەواتە من جیاوازی لە نێوان بیروباوەڕ و پاڵپشتیکردنی سەلماندن و بەڵگەهێنانەوەدا دەکەم و لەکایەی دووەمدا خۆم دەبینمەوە.

***لە کۆتایی گفتوگۆکەماندا، دەکرێت بڵێم: (تۆ میراتگری فەلسەفەی گریك و ڕۆشنگەرییت. کەسێکی خەریکی مشتومڕ و ئەقڵی ڕەخنەی و بەڵگاندنی)، نەك مرۆڤێك بێت هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی بێت؟**

-دەڵێم ئێمە بیرمەندی گەورەی وەهامان هەبووە کە خاوەنی ئایدیای بەرز و تۆکمە بوون.

***بەڵێ بێگومان، مەبەستت لەوە ئیبن ڕوشدە؟**

-ئیبن ڕوشد و ئەبو ئەعلای مەعەڕی.

***لە مێژووی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییدا، لە هیچمان کەم نییە. کەچی لەمڕۆدا حەز بەوە دەکەین لەبری پێشکەوتن و کرانەوە، دیاردەی دواکەوتویی زەق بکەینەوە؟**

-ئەوە ڕاستە. دێن کەسانی وەك ئیبن حەنبەل و ئیبن تەیمییە پایەدار دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا ناچن بە لای بیرمەندە ڕەخنەگرەکاندا و قەرەیان ناکەون.

***ئاواتەخوازی ئەوەین ئەم دۆخە زۆر درێژە نەکێشێت و کۆتایی بێت. ئەزمونی توندوتیژی و وێرانکردن و ئاوارەبوون و نەبوونی، دەرەنجامیان دەبێت و پێویستە پشوودرێژ بین. بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی ببینین کە پێدەگات؟**

-قسەکانم بەوە کۆتایی پێ دێنم و دەڵێم: (هەموو شت پشت بەو گرنگی و بایەخپێدانە دەبەستێت کە بە کولتوور و پەروەردەی دەبەخشین). یان بە واتایەکی تر، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چەند هەست بە پێداویستیی گۆڕینی سیاسەت و پەروەردە دەکەین، یاخود هەر وەك ئێستای خۆمان بمێنینەوە و لەناوبچین.

**سەرچاوە:**

https://www.masress.com/adab/7160

# میشێل لووی

فایلێکی تایبەت

ئامادەکردنی و وەرگێڕانی:

کارزان کاوسێن
ئەردەڵان عەبدوڵڵا
ڕۆژا سەعید

